## تاريخ فرهنگ و ادب مكريان – بوكان

تاقە کتێبێکی سەربەخۆ کە لەسەر مێژووی شاری بۆکان و دەوروبەری نووسرابێت کتێبەکەی خوالێخۆشبوو ئیبراهیم ئەفخەمیە.
بنە ماڵەی ئەفخەمی لە میرزا مەحمودی ئەفخەمەوە کە کاتبی حەمەحسین خانی سەردار بوە تا کۆتایی هاتنی حوکمی سەردارەکانی بۆکان لە ئیش و کاری بەڕێوەبەرایەتی حوکمی ناوچەییدا دەستیان هەبوە و بەم بۆنەیەوە گەلێک بەڵگەنامە و وێنەی بە کەڵکی ئەو ساڵانەیان لای خۆیان پاراستوە .
خوالێخۆشبوو ئیبراهیم ئەفخەمی جگە لەوەی کەسێکی شاعیر و تەنزنووس بوو، بە ئامادەکردنی ئەو کتێبە بەنرخە، گەلێک بەڵگەنامەی لە فەوتان رزگار کرد و خستیە بەردەستی نەوەکانی داهاتوو، هەروەها زۆر بیرەوەری و زانیاری وردی تۆمارکرد کە خۆی و بنەماڵەکەیان بەهۆی نزیکایەتی لە حوکمی سەردارەکانەوە هەیانبوو . کتێبی ئەفخەمی گرنگترین سەرچاوەیە کە تا ئەمرۆ لەسەر بۆکان و ناوچەکانی دەوروبەری نووسرابێت:
کتێبەکە، بەرگێکی دووهەمیشی هەیە کە سەبارەت بە مەهاباد، سەردەشت و شنۆ نووسراوە .

ئیبراهیم ئەفخەمی، "تاريخ فرهنگ و ادب مكريان – بوكان" ،
چاپ اول ، ناشر:مولف، مركز پخش: انتشارات محمدی سقز، سال: ١٣٦٤(١٩٨٥)، ٧٩٥ صفحه(فارسی)